سەرتیپ جەوهەر

# حیکایەتی ریفراندۆم



2018

# فەرهاد هەمزە:

## 790 فەرمانبەری بیرە نەوتەکانی ئاڤاناو بای حەسەنی دەرکرد هەرێم

نەوت ناسنامەی کەرکوکە، بەبێ باسکردنی نەوتەکەی، باسی ئەو شارە ناکرێت! بەدرێژایی مێژوو دانیشتوانەکەی سودیان لەنەوتی شارەکە وەرنەگرتوە، لەدوای روخانی رژێمی بەعس بەردەوام کێشەی هەناردەکردنی نەوتی شارەکە هەبووە، لە 2016 حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیگرت بەسەر چەند بیرە نەوتێکی شارەکە، ئەو روداوە بووە دەنگوباسی گەرمی میدیاکانی جیهان و نارچەکە.

فەرهاد هەمزە پسپۆر لەبواری نەوت و فەرمانبەری کۆمپانیای باکور زانیاری زۆر بەنرخی بۆ باسکردین..

## نەوتی کەرکوک بەر لەڕیفراندۆم چەند بەرهەم دەهات؟

• نەوت یەکەمجار لەکەرکوک لەساڵی 1927 دۆزرایەوە، بەڵام لەکۆتایی ساڵی 1934 دەرهێنرا، ژمارەی کێلگەکانی سنووری شاری کەرکوک 4 کێلگەیە، کێلگەکانی (کەرکوک، خەباز، بای حەسەن، جمبور)ن، بەڵام کێلگەی کەرکوک کە کێلگەیەکی زۆر گەورەیە کە هەر لە (جەبەل بۆر)ەوە دەکشێت تاوەکو نزیک ناوچەی مەخموورو دیبەگە دەڕوات، کە 100 کیلۆ مەتر درێژیەکەیەتی و چوار کیلۆمەتر پانیەکەیەتی کە لەسێ بەش پێکهاتووە کە بەشێکی ناوی (بابە)یە کە دەکەوێتە ناوچەرگەی شاری کەرکوک، دووەم (ئاڤانا)یە کە لەناوچەی دووبزە، سێیەمیان (خورمەڵە) یە کە هەموویان سەر بەکێلگەی کەرکوکن، کە دوای ئەوەی حزبی بەعس دەستی بەسەر ئەو کێلگانەدا گرت و کە لەکاتی خۆماڵیکردنی نەوت لەساڵی 1972 ئەو کێڵگانەشی خۆماڵی کرد، دوابەدوای ئەو کاتە عیراق زۆر گرنگی بەکەرتی نەوت دا، تا وایلێهات هەناردەکردنی نەوت لەکەرکوک لەساڵی 1981 – 1982 گەیشتە 1 ملیۆن و 600 هەزار بەرمیل، کە ئەو ماوەیە پێی دەوترێت (قۆناغی زێرین) بۆ نەوتی کەرکوک، بەڵام دوای ئابڵۆقەی ئابووری دەستپێکرد ئەو بڕە بەردەوام لەدابەزین بوو، دوای پرۆسەی ئازادی عیراق و بەر لەهێرشەکانی داعش وایلێهاتبوو رۆژانە 310 هەزار بەرمیل بەرهەمبهێنێت، جگە لەو بڕە کە بۆ ناوخۆ بەرکاردەهات، دوای بارودۆخی دوای 16 ی ئۆکتۆبەر ئێستا هیچ نەوتێک بۆ دەرەوە ناڕوات و ئەوەی هەیە هەمووی تەنیا بۆ پاڵاوگەکانە تەنانەت بەتەنکەریش ناڕوات.

**– بەڵام بۆچی لەڕاگەیاندنەکانی پارتی دەڵێت بەتەنکەر هەناردە دەکرێت ؟**

• تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت بۆ ئێران بەتەنکەر دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا وەستاوە هۆکارەکە لەلای ئێمە هیچ دیارنیەو حکومەتی عیراق خۆی دەزانێت بۆچی ناڕوات ئەوەی ئێمە دەیزانین هۆکاری هونەریە، بەڵام

لەژێرەوە ، لایەنەکە سیاسیە، چەند رۆژێک بڕێکی زۆر کەم بۆ ئەوان بەرهەمەکەر دەڕۆیشت کە رۆژ هەبوو 3 تا 4 هەزار بەرمیل دەڕۆیشت رۆژ هەبوو تەنیا 8 هەزار بەرمیل دەڕۆیشت کە شایەنی ئەژمارکردنی ئەوەی هەناردەکردنی نەوت نەبوو، ئێستا بۆ ناوخۆیی بڕی 100 هەزار دەڕوات بۆ پاڵاوگەی (کەڵەک) کە نەوتە ڕەشەکە دەکات بە پێکهاتەکانی بەنزین و گاز، ئەمە بەپێی رێککەوتنێکە لەنێوان حکومەتی عیراق و کۆمپانیای اکار، نزیکەی 38 هەزار بەرمیل نەوتی رەش بۆ پاڵاوگەی (بازیان) دەڕوات و 56 هەزار بەرمیل پاڵاوگەی کەرکوک دەڕوات و نزیکەی 40 هەزار بەرمیل بۆ پاڵاوگەی بێجی دەڕوات کە دەکاتە رۆژانە نزیکەی 230 هەزار بەرمیل نەوت لەبەرهەم بۆ ناوخۆ.

- **ئێمە ئەگەر بێینە سەر کێڵگەکانی (خەبازە، ئاڤانا) کە دەستیان بەسەردا گرت ئەو ڕووداوە چۆن بوو بۆمی باس بکە؟**

- رۆژی 9 لەسەر 2014/7/10 هێزێکی لیوای نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتن و دەستیان بەسەر شەش وێستگەدا گرت، کە ئەو وێستگانە هەموو نەوتەکانی ئاڤانا و بای حەسەن بۆیان دێت و لەوێ گازو نەوت جیادەکەنەوە .

- **کە دەستیان بەسەردا گرت ئەوکات دەستیان بەهەناردەکرد؟**

- نەخێر یەکسەر ئەو کارەیان نەکرد، چونکە لەمانگی 7 دا کە دەستیان بەسەردا گرت کۆمەڵێک کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ ئەنجامدا، کە لەلایەن کۆمپانیای (کار)ەوە ئەنجامدرا، نۆژەنکردنەوەیەکی وایان بۆیان کرد کە جێگەی سەرسورمان بوو، بەشێوەیەکی زورباش ئەنجامیاندا ئەو بۆریانەی کۆن ببوون هەموویان گۆڕی هەتا رۆژێکیان کەریم خەتاب بریکاری وەزیری نەوتی عیراق دوای 16 ئۆکتۆبەر هات و سەری سورما کە بەو شێوەیە جوانە ئیدارەی ئەو شوێنە کراوە.

- **حکومەتی هەرێم کەی دەستیان بەدەرهێنانی نەوت کرد لەو کێلگانە؟**

- دوای ڕێککەوتنیان لەگەڵ حکومەتی عیراق، لەسەرەتای 2015 دەستیان بەدەرهێنان کرد، بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە دەبوایە ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت بڕواتە دەرەوە، 150 هەزار بەرمیل لەکەرکوکەوە لەوانەی لەژێر دەستی حکومەتی عیراقن و 150 هەزار بەرمیل لە ئاڤاناو بای حەسەن و 250 هەزار بەرمیلیش لەکێلگەکانی هەرێمی کوردستان. ئیتر کارکردن دەستی پێکردو تا چەند مانگێک بەبێ کێشە ڕۆیشت، بەلام دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی دروستکردو پارەی نەوتەکەی نەداو خۆی دەستی بەسەردا گرت و خۆی فرۆشتی و نەیهێشت کۆمپانیای (سۆمۆ) بیفرۆشێت تا وایلێهات ڕێککەوتنەکە نەما.

- **بۆ سەرەتا (سۆمۆ) دەیفرۆشت؟ یا ئەویش بەشدار بوو؟**

- دەبوایە بەپێی ڕێککەوتنەکە هەمووی (سۆمۆ) بیفرۆشێت، بەلام ڕێککەوتنەکە تێکچوو.

- **لەوکاتەدا حکومەتی هەرێم لە ئاڤاناو بای حەسەن، چەند بەرمیلی دەردەکرد؟**

- لە ئاڤاناو بای حەسەن 260 هەزار بەرمیل نەوتیان دەردەهێناو لەم دواییانەدا ببوە 250 هەزار بەرمیل، خۆی دەبوایە هەرێم 150 هەزار بەرمیل دەربێنێت، بەلام ئەوان 150 هەزارەکەی ئەوانیان دەردەهێناو بڕەکەی تری بۆخۆیان دەبردو بەجیا دەیانفرۆشت.

- **حکومەتی عیراق دەیزانی؟**

- بەڵێ دەیزانی و هەمووی بەژمارە لەلایەتی.

اهەرێمی کوردستان کێ سەرپەرشتی ئەو کارەی دەکرد؟

- وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم سەرپەرشتی دەکرد.

- ئێوە دەتانتوانی نزیکی کێلگەکان ببنەوە؟

- نەخێر نەماندەتوانی، نەیاندەهێشت بەسەردانیش نزیکیان بکەوینەوە.

**– ئەی کارمەندان و پاسەوانەکان هیچیان نەیاندەبینی و هەموویان لابرد؟**

- ئێمە 790 کەسمان لەو 6 وێستگەیە هەبوو هەر هەموویان لەکار دەرکرد، ئەوکات وتیان هەرکام لەو کارمەندانە ئەگەر کورد بێت دەرناکرێت، بەڵام کارمەندی کوردیش لەوێ نەماو بۆخۆیان هاتنە ناو کۆمپانیای نەوت، بەمانایەکی تر کۆمپانیای نەوتی باکوور هەموویانی بۆخۆی راکێشا کە بەگشتی کارمەندنی کورد رێژەیان کەم بوو.

**– حکومەتی عیراق 150 هەزار بەرمیل نەوتەکەی لەکەرکوک وەستاند؟**

- نەخێر عیراق هەر بەردەوام بوو لەدەرهێنانی نەوت لەکەرکوک تاوەکو لەمانگی مانگی 8 ی 2016 رێککەوتنەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هات و بەردەوامیش بوو ئەوکارە تاکو 16 ئۆکتۆبەری 2017 و دوای ئەوکاتە هەناردەکردن وەستا.

**– ئەو 790 تەنیا کارمەند بوون یا پاسەوان و پۆلیس بوون؟**

- زیاتری ئەو ژمارەیە کارمەند بوون.

**له 16 ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی عیراق دەمودەست هاتنە نەوێ و هەموو کارمەندانی هێنایەوە بۆ وێستگەکان؟**

- نەخێر بەڵکو لەسەرەتادا دەستیان بەسەردا گرت و دوای یەک دوو ڕۆژ بە (نیمە) کومپانیای نەوتیان ڕاگەیاند کە کارمەند بنێرین ئیتر کارمەندیان نارد.

**- کارمەندەکان کە گەڕانەوە هیچ دەستکاریەکی بۆڕی و کەلوپەلەکان نەکرابوو ؟**

- نەخێر.

**- کۆمپانیای کار پارەیەکی زۆری لەو وێستگانە خەرجکردبوو، ئەو بڕە پارانەی لەوێ خەرجی کردبوون بۆی دەگێڕنەوە؟**

- ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرێم و عیراق هێشتا هیچ دیار نییە.

**- حکومەتی عیراق لەدواتر چ کارێکی لەو وێستگانە کرد ئایا تەنیا کارمەندانی ناردەوە ئەوێ یا دەستی بەکاریش کرد ؟**

- دوای ئەوە بەپێی پێویستی پاڵاوگەکان نەوتی لێدەردەهێنرێت، هەرچەندە وەکو پێشتر بڕەکەی زۆر نییە، بۆ نمونە کێڵگەی بای حەسەن توانای هەیە تا 170 هەزار بەرمیل بەرهەم بهێنێت، کەچی ئێستا عیراق تەنیا 70 هەزار بەرمیل نەوت دەردەهێنێت، لەئاڤاناش بەپێی پێویست نەوتی لێدەردەهێنن کەنزیکەی 40 هەزار بەرمیلێکە.

- ئەو بیرانەی کە حکومەتی هەرێم لەو کێڵگانە دەستی بەسەردا گرت بە شێوەیەکی زانستی و مۆدێرن کاری لەگەڵ دەکرد یا بیرەکان زۆر ماندوو بوون؟

- نەخێر زۆر زانستیانە کاریان لەسەر بیرەکان نەدەکرد، هەولیان دەدا زۆرترین نەوتی لێدەربێنن و ماندوویان دەکرد، تەنانەت ئەوانەی خۆیان وەکو (شیواشۆک) بۆچی وایلێهات، چونکە بە زانستی کاری لەسەر ناکەن.

- **بیرە نەوتەکانی شیواشۆک کە 160 – 170 هەزار بەرمیل بوو ئێستا بۆتە نزیکەی 20 هەزار بەرمیل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؟**

- خۆی شیواشۆک ئەوە نەبوو کە رۆژانە 170 هەزار بەرمیل نەوت لێی دەربهێنیت، چونکە کێڵگەیەکی بچووکەو یەدەگەکەی ئەوەندە نەبوو کە بەو شێوەیە ماندووی بکەی زوو تەمەنی تەواو دەبێت.

- **یەدەگی نەوتی کەرکوک لەئێستادا چەندە؟**

- یەدەکی کەرکوک ئێستا بەهەر چوار کێڵگەکە نزیکەی 8 ملیارو 500 ملیۆن بۆ 9 ملیار بەرمیلە.

- **ئەو کۆمپانیایانەی کە لێرە کاردەکەن تەنیا کۆمپانیای عیراقین یا کۆمپانیای بیانین و خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکەن؟**

- تەنیا کۆمپانیای نەوتی باکوور لێرەیە، بەم دواییە گرێبەست کرا لەگەڵ کۆمپانیای (سۆنانبول) کە هاتن بۆ کێڵگەکانی لای موسڵ بۆ گەیارە، ئێستاش کۆمپانیای (BP) بەریتانی دێت، بەڵام هێشتا ئەوانیش یەکلانەبوونەتەوە.

**- قسەیەک هەیە زۆر باوە کە گوایە هەرێمی کوردستان رێککەوتنی لەگەڵ کۆمپانیای (رۆزنەفت) ی رووسیا کرد ئەوە بووە هۆی ئەوەی سەری بخوات و عیراقیش (BP) هێناو ئەو کۆمپانیایە پاڵەپەستۆی خستە سەر عیراق و ولاتانی دراوسێ و لەئەمریکا کرد کە بێن کەرکوک لەئێمە بسەنێت ، ئایا ئەو قسانە راستن؟**

- ئەم شتە من نایزانم، بەلام (BP) پێش ئەو مەسەلانەو هاتنی داعش لەسالی 2013 هات رێککەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی عیراق کرد کە داواکرا کومەلێک کێشەی بیرەکان کە لەکێڵگەی نەوتی کەرکوک هەیە کە لەتوانای ئێمە نەبوو چاکی بکەینەوە ، ئەوان چاکیکەنەوە سەرەتاش دانرابوو کە گرێبەستەکەیان بە 100 ملیۆن دۆلار بوو کە کومپانیاکە لەسەر گیرفانی خۆی خەرجی بکات کە سەرەتا تەنیا توێژینەوە بوو، کارەکەیان بۆ ماوەی 18 مانگ بوو، بەلام لەکاتی توێژینەوەدا بوون کە شەری داعش روویدا ئیتر رۆیشتن و نەهاتنەوە تا دوای 16 ئۆکتۆبەری 2017 ئینجا دوبارە هاتنەوە کەرکوک.

**- کۆمپانیای (BP) کۆمپانیایەکی زەبەلاحە، لەکۆمپانیای (رۆزنەفت) زەبەلاحترە؟**

- (BP) بۆ نەوتی کەرکوک زۆر گرنگە، چونکە لەیەکەم بیرەکەی تا خۆماڵی کردن ئەوان هەڵیان کەندووە واتا لەساڵی 1927 تا 1972 ئەوان کاریان لەنەوتی کەرکوک کردووەو ئەو ماوەیە هەر لەکەرکوک بوون واتا هەموو نەخشەو کارەکانی نەوتی کەرکوک فاینال رێپۆرتەکانی گشتی لەلای ئەوان هەیە.

**- کەواتە حکومەتی هەرێم هەڵەی نەکرد کۆمپانیای (رۆزنەفت) ی رووسی هێنا ؟**

- لەرووی سیاسیەوە نازانم، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ پەیوەندیەکانی نەدەگونجا بێگومان کاریگەری هەڵەبوو بەتایبەتی کوردستان بەبەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بەستراودتەوە.

- **راستە دەوترێت کۆمپانیای (BP) ویستیان بێن، بەڵام پارتی رێگەی نەدا بێن بۆ لای کێڵگەی خەبازە؟**

- ئەو شتە من ئاگادارنیم، بەڵام کاتێک کە ئەو کۆمپانیایە هات پارتی ئەوی نەمابوو، بۆیە بڕواناکەم ئەو شتە وابێت ئێستاش کە ئەو کۆمپانیایە هاتوتەوە وەکو ساڵی 2013 نییە، چونکە ئەوکات کە هات تەنیا کێڵگەی ئاڤاناو بابەگورگوری پێدرابو، بەڵام ئێستا هەموو کێڵگەکانی کەرکوکی دەوێت.

- **باشە ئەو کۆمپانیایە کە هەموو کێڵگەکانی کەرکوکی دەوێت بەشێوەی خزمەتگوزاری دەیەوێت یاخود پشکی هەبێت (sharing)؟**

- ئەو کۆمپانیایە هەموو رێککەوتنەکانی لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ باشووری عیراقیش جۆرێکە لەخزمەتگوزاری، بەڵام ماوەکەی دوورو درێژە، بەو مانایەی گرێبەستێکی تایبەتە بەرامبەر بەرهەمهێنانی هەر بەرمیلێک نەوت نرخێک دیاری دەکەن، بۆ نمونە دەڵێت ئێمە رۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوتتان بۆ زیاد دەکەم لەو ژمارەیە بەرمیلە زیادکراوە، بۆ هەر بەرمیلێک کۆمپانیاکە پارە وەردەگرێت، بۆ نمونە بۆ کێڵگەکانی باشووری عیراق بۆ کێڵگەی (رمێلە) بەرامبەر هەر یەرمیلێک 2 دۆلاریان داناوە، کە لەگرێبەستەکەدا هەیە، دەڵێت تەنیا بۆ بەرمیلی زیادکراو، بۆ نەوتی کەرکوکیش ئەگەر کەرکوک نەوتی دەرهێنراوی پێشووی 400 هەزار بەرمیل بێت، ئەوان لەبەرمیلی 401 ئەژماری ئەو پارەیە دەکەن، بەڵام ماوەکەی زۆرە کە کۆمپانیاکە دەڵێت بۆ ماوەی 10 ساڵ یا 20 ساڵ، بەڵام لەکاتی حوکمی سەدام حسێن، گرێبەستەکە خزمەتگوزاری بوو ئەو

کۆمپانیاکەی کاری دەکرد پارەی وەردەگرت و لەگەڵ ئەواو نەوتی کارەکانی دەفرۆشت، ھا ئەوکات کۆمپانیاکانی وڵاتانی سەرمایەدارو رۆژھەڵاتیەکان کێبڕکێیان دەکرد، بۆ نموونە ئێمە کۆمپانیای ئیتالیمان ھێنا بەمورجێکی زۆر کارەکەیان دەکرد دواتر کۆمپانیایەکی ھەنگاریمان ھێنا بە پارەکی مرخی ئەوان کارەکەیان ئەنجام دەدا کە ھەمان کار بوو.

**- ژمارەی کارمەندانی کورد لەئێستادا لەناو کۆمپانیای نەوتی کەرکوک چەندە؟**

- پێش پرۆسەی ئازادکردنی عیراق لە 2003 ژمارەیان 1% بوو، بەڵام ئێستا گەیشتوونە 14%.

**- ئێستا کێ بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوورە ؟**

- لەدوای پرۆسەی ئازادیەوە تائێستا ھەموو بەڕێوەبەرەکان عەرەب بوون، ئەوەی ئێستاش عەرەبەو ناوی فەرید جادرە.

**- کەرکوک ئەو ھەموو نەوتەی لێدەفرۆشرێت، بۆچی شارەکە باروودۆخی وا خراپە کە شارێکە لەسەر زێڕی رەشە؟**

- دەبێت بپێت لەئیدارەکەی بپرسیت. بەڵام ئەوەش ھەیە کە پارەی بەرنەکە شارەکە وەربیگرێت ئەوەندەی پترو دۆلار ھەبوو باروودۆخی زۆرباش بوو

**- قسەیەک ھەبوو دەوترا لێپرسراوانی کورد لەکەرکوک بەر لە 16 ی ئۆکتۆبەر نەوتیان بەتەنکەر دەفرۆشت. ئەوە وابوو؟**

- ئێمە بەو شێوەیە ئاگاداری ئەو بابەتە نەبووین. ئەگەر ھاتوو لەشوێنێک بۆری کون کرابێت و لێی دەرکرابێت ئەوە ئەو حاڵەتە زۆر ھەبوو. لەناوچە عەرەبیەکان زیاد لەپێویست ھەبوو. لەناوچەی حەویجە

ئەو کارە دەکرا، بەڵام لەلای ئێمە بەشێوەی ئاشکراو رەسمی شتی وا روونەداوە.

- **ئەی ئەو هەموو تەنکەرەی گوایە وتویانە رێگامان لێگرتووە ئەوە چی بوو؟**

- رۆژانە تەنکەرێکی زۆر دەڕوات، بۆ نمونە ئێمە لەکۆمپانیای گازی باکورەوە گازێکی زۆری (LPG) بەهەرێمی کوردستان دەفرۆشراو چەندین کارگە هەیە، هەموو ئەمانە بەرهەمەکانیان دەروات بۆ هەرێمی کوردستان و لەوێوە بۆ ئێران دەڕوات.

- **لەکەرکوک پاڵاوگەی ئەهلی ناقانونی هەیە؟ کە پێی دەوترێت پاڵاوگەی پێلەقە؟**

- بەڵێ لەسنووری کەرکوکیش دوو پاڵاوگەی لەو شێوەیە هەیە وەکو (شوان) و (کات) کە بەرهەمەکانیان بۆ سلێمانی و ئێران دەفرۆشرێت.

- **ئەو پاڵاوگانەی لەهەرێمی کوردستان هەن بەرهەمەکانیان کوالێتیان باشە؟**

- بەرهەمی بازیان بەرهەمەکانی زۆر باشە کە ئێستا هەموو بەرهەمەکانی بۆ کەرکوک دێت.

- **دوای رووداوەکانی 16 ی ئۆکتۆبەر لەناو کۆمپانیای نەوتی کەرکوک هیچ گۆڕانکاری بەسەردا هات؟**

- نەوەڵا هیچ فشارێک لەسەرمان نەبوو هەروەک هیچ گۆڕانکاریەک روونەداو کێ لەپۆستێک بووبێت ئێستا هەر وەک خۆی ماوە.

- **چەند کارمەند لەکۆمپانیای نەوتی باکوور کاردەکەن ؟**

• نزیکەی 14 هەزار کارمەندی هەیە.

- **هێزەکانی حەشدی شەعبی تێکەڵی کارەکان نابن؟**

• نەخێر هیچ تێکەڵی کارەکانمان نابن تەنانەت پۆلیسەکانی پاسەوانی نەوت ئەو پۆلیسە کوردانەن کە پێشتر لەوێ بوون، کە 90% یان کوردن هەندێک ئەفسەری عەرەب تیاندا هەن، بەڵام زۆر نین.